# بۆ هەفتەنامەی ئاسۆ :
# ویژدانتان ئاسودەیە؟

دڵنیام لەوەی ئەو کەسەی هەواڵەکەی ئەدیت کردووە و دایڕشتووە ویژدانی بەقەد درۆیی هەواڵەکە ناڕەحەتە ( هیوادارم لەوەدا ڕاست بم ) ، دێمەوە سەر ئەو هەواڵەی لە دوایین ژمارەی ئاسۆ دا بلاْو بۆتەوە . هەواڵەکە لەیەکەم پیتی تا دوایین پیتی نقومە لە درۆ ، من خۆم هەوادارێکی پەکەکەم بەلاْم دڵنیام لەوەی کە هیچ کوردێك ، لە هیچ کونجێکی سەر خاکی کوردستان بە جیاوازی بیر و بۆچوونیشیانەوە بەدوورن لەو کردەوانەی کە زۆر نامۆن بە کۆمەڵگاکەمان ئەویش چاندنی گژ و گیای ماددەی بێ هۆشکەرە ، تو زاتی ئەحمەد خانی ، تو مەزارەکەی قازی محمد ، تو ئێسك و پروسکی هەموو شەهیدانی کوردستان ، کێ باوەڕ دەکات پەکەکە گژ و گیای مادەی بێ هۆشکەر بڕوێنێت ؟ ئەمە چ بێ ویژدانیەکە ؟ ئەمە چ هەواڵێکی بێ بنەما و دوور لە ئەخلاقی ڕۆژنامەنوسیە ؟ من دڵنیام ، چۆن ئەم هەواڵە پڕە لە ئامانجی سیاسی ، من بەقەد مسقاڵە زەرەیەکیش شکم لەوە نیە کە هەفتەنامەی ئاسۆ سەر بە چ بۆچوونێکی سیاسیە ، چونکە کاك ستران عبدولاْ لە پێش و لە کات و لە دوای شەڕی ساڵی 2000 نێوان پەکەکە و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە هەموو قەڵەمەکانی تر کارا تر بوو بۆ هێرش کردنە سەر پەکەکە و خودی سەرۆکەکەی . هەر ئەو و کەسانی نمونەی ئەو ، ئەو کاتەش قەڵەمەکانیان بۆ خۆش کردنی ئاگری شەڕ کارا بوون . من تەنیا یەك تاقە تکام هەیە ، هەواڵی بی'بنەما و دوور لە ڕاستی و ئەخلاقی ڕۆژنامەنوسی بلاْومەکەنەوە و هیچ نەبێت ئەگەر خۆتان وەك هەفتامەیەکی سەربەخۆ لەقەڵەم دەدەن و بیسەلمێنن کە ئاوهایە. یەك شتم لا داخە و حەز ناکەم بیشارمەوە ، لە سەر میللەتێکم نەخوێندۆتەوە ، بەقەد بەناو نوسەرانی میللەتی کورد بێ ڕێزی بە نرخ و بەهاکانی خۆی کردبێت و هەر چی لە دەستی بێت بیکات بۆ ئەوەی لە چاڵی بنێت. تکا لە ستاقی هەفتەنامەی ئاسۆ دەکەم قەڵەمەکانیان و کۆمپیوتەرەکانیان بۆ خستنە ڕووی ڕاستیەکان بخەنەگەڕ.

ڕێزان محمود

باشوری کوردستان